https://www.doi.org/10.31918/twejer.2033.3

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازە بەندەکانی (تا) و (لەگەڵ) لە ڕوانگەی واتاسازیی زانینییەوە

پ. ی. د. دلێر صادق کانبی

زانکۆی سۆران-فاکەڵتیی ئاداب

دلاوەر شوکری باپیر

زانکۆی سۆران-فاکەڵتیی ئاداب

Diler.kaneby@soran.edu.iq

Dlawarshukrbapir19@Gmail.com

**پوختە:**

ئەم تـوێژینەوەیە هەوڵـێکە بـۆ دەستنیشـانکردن و خسـتنەڕووی واتـا جیاوازەکـان و واتـای سـەرەتایی هەریەک لە ئـامرازە بەنـدەکانی (تـا) و (لەگەڵ) بەپێـی مـۆدێلی فرەواتـایی بنەمـادار ( principled polysemy model)، کە یەکێکە لەو مۆدێلە زمانییانەی لە چوارچێوەی قوتابخانەی زمانەوانیی زانینی لە ساڵی ٢٠٠٣ لەلایەن تایلەر و ئەیڤانس بە مەبەستی دەستنیشـانکردنی واتـا جیاوازەکـان (distinct sense) و واتـای سەرەتایی(primary sense) ئامرازە بەندەکان خراوەتەڕوو.

لە سـەرەتای تـوێژینەوەکە هەوڵـی ناسـاندنی مۆدێلە زمـانەوانییەکە و ئەو چەمـکە جیـاوازانە دراوە، کە ڕاسـتەوخۆ پەیوەنـدییان بە بـابەتی توێژینەوەکەوە هەیە.

پاشـان بەپێـی ئەو پێـوەرانەی، کە لە مـۆدێلەکەدا هـاتوون واتـای سەرەتایی و واتا جیاوازەکانی ئامرازە بەندەکان دەستنیشانکراون.

بەپێی ئەنجامی توێژینەوەکە، تۆڕی واتـایی ئـامرازی بەنـدی (تـا) جگە لە واتای (دیاریکردنی کۆتایی شوێن/ کاتی ڕوودان)، کە واتـای سـەرەتایی ئامرازە بەندەکەیە خاوەنی (چوار) واتای جیاوازە، کە لە ناویاندا هێشوێکی واتـاییش بەرچـاو دەکەوێـت، هەروەهـا تـۆڕی واتـایی ئـامرازی بەنـدی (لەگەڵ)یش لەپاڵ واتـای (بەیەکەوەبوون)، کە واتـای سـەرەتایی ئـامرازە بەنـدەکەیە، (سـێزدە) واتـای جیـاوازیش لە خۆدەگرێـت، کە بەهـۆی (سـێ) هێشووی واتاییەوە بە واتای سەرەتاییەوە لکێنراون.

**وشـە کلیلییەکـان:** زمـانەوانیی زانینـی، واتاسـازیی زانینـی، تـۆڕی واتایی، پۆلە تیشکییەکان، نەخشەی وێنەیی و ئامرازی بەند.

## شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازە بەندەکانی (تا) و (لەگەڵ) لە ڕوانگەی واتاسازیی زانینییەوە

### پێشەکی:

مۆدێلی فرەواتای بنەمادار یەکێکە لەو مۆدێلە زمانییانەی، کە لە چوارچێوەی زمانەوانیی زانینی بە مەبەستی کۆنترۆلکردن و دەستنیشانکردنی واتا جیاوازەکانی ئەو فۆڕمە زمانییانە هاتەکایەوە، کە چەند واتایەکی جیاواز لەخۆدەگرن و بە فرەواتا ناودەبرێن، بەڵام لەبەرئەوەی واتا جیاوازەکان یەک ڕەچەڵەکیان هەیە، بۆیە دەکرێت تەواوی واتاکان لە تۆڕێکی واتاییدا کۆبکرێنەوە. ئەوەی کە تێڕوانینی زانینییەکان سەبارەت بە دیاردەی فرەواتایی لە قوتابخانە و ڕێبازەکانی پێشتر جیادەکاتەوە ئەوەیە، کە پێیانوایە ئەم دیاردەیە تەنیا تایبەت نییە بە کەرەستە فەرهەنگییەکان، بەڵکو دیاردەکە کەرەستە ڕێزمانییەکانیش دەگرێتەوە، لەم چوارچێوەیەشدا ئامرازەبەندەکان گرینگییەکی زۆریان پێدراوە.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتەش لە لایەک بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە جگە لە چەند لێکۆڵینەوەیەکی کەم، کە  بە زمانی فارسی لەسەر هەندێک لە  ئامرازە بەندەکانی زار و شێوەزارە کوردییەکان ئەنجامدراون، لێکۆڵینەوەیەکی زانینیی ئەوتۆ بە زمانی کوردی لە سەر فرەواتایی ئامرازەبەندەکان  بەرچاوناکەوێت. لە لایەکی ترەوە هەریەک لە ئامرازە بەندەکانی (تا) و (لەگەڵ) نەک تەنیا لە ڕوانگەی زانینییەوە، بەڵکو لە ڕوانگەی قوتابخانە زمانەوانییەکانی تریش زۆر کەم لێیان کۆڵراوەتەوە.

ئامانجی توێژینەوەکەش دەستنیشانکردن و خستنەڕووی تۆڕی واتایی هەر یەک لەو دوو ئامرازە بەندەیە، بۆ ئەم مەبەستەش زاری ناوەڕاست وەکو سنووری کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە دەستنیشان کراوە.

سەبارەت بە کۆکردنەوی داتاکانیش جگە لە سەلیقەی توێژەران، فەرهەنگە زمانییەکان و ڕێبازی کتێبخانەییش (ئەو داتایانە دەگرێتەوە، کە لە لێکۆڵینەوکانی پێشوو کە لەسەر ئەم بابەتە ئەنجامدراون، بەکارهاتوون) وەکو داتای تەواوکەر بۆ دەوڵەمەندکردنی داتاکان سوودیان لێوەرگیراوە.

هەروەها لەم توێژینەوەیەدا لە پاڵ پابەندبوون بە ڕێبازی (وەسفی)، بۆ وەسفکردنی بابەتەکان، بە مەبەستی دەستنیشانکردنی واتا جیاوازەکان و واتای سەرەتایی پەیڕەوی (مۆدێلی فرەواتایی بنەمادار) کراوە، کە لە سالی ٢٠٠٣ دا، لە چوارچێوەی زمانەوانیی زانینی، لەلایەن تایلەر و ئەیڤانسەوە خراوەتەڕوو.

ناوەرۆکی توێژینەوەکەش جگە لە پوختە، پێشەکی، ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان لە دووبەشی سەرەکی پێکدێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

بەشی یەکەم: کە لەژێر ناونیشانی (هەندێک لایەنی تیۆری)دایە، بە سەرەتایەک لەسەر ناساندنی زمانەوانیی زانینی و واتاسازیی زانینی دەستپێدەکات، پاشان هەوڵی ناساندن و شیکردنەوەی چەند بابەتێکی پەیوەندیدار دەدات.

بەشی دووەم: ئەم بەشەش لەژێر ناونیشانی (شیکردنەوەی داتاکان)دایە، بەپێی (مۆدێلی فرەواتای بنەمادار) هەوڵی دەستنیشانکردن و خستنەڕووی واتا جیاوازەکان و واتای سەرەتایی هەریەک لە ئامرازە بەندەکانی (تا) و (لەگەڵ) دەدات، پاشان بۆ هەر ئامرازێک تۆڕێکی واتایی جیاواز خراوەتەڕوو.

## ١. هەندێک لایەنی تیۆری

### ١.١. زمانەوانیی زانینی Cognitive Linguistics

زمانەوانیی زانینی وەکو هەر یەک لە قوتابخانە باوەکانی وەکو زمانەوانیی فۆڕمی و زمانەوانیی ئەرکی بە قوتابخانەیەکی سەرەکی و گرنگ دادەندرێت (دبیر مقدم، ١٣٨٣: ٩)، کە خاوەنی دید و تێڕوانینی تایبەت بە خۆیەتی سەبارەت بە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی زمان؛ پێیوایە "ئاخێوەران فۆڕمەکان لە پێناو ئاماژەدان بە چەمکەکانیان بەکاردەهێنن" (قادر و غەریب، ٢٠١٩: ٣٩١)، بە واتایەکی تر "وشەکان و واتاکانیان و ئەرکەکانیان تەنیا نوێنەر و خستنەڕووی ئەو (چەمکانەن)، کە لە ئاوەزی مرۆڤدا بونیان هەیە" (قادر، ٢٠١٧: ٤٢١) بۆ ئەم مەبەستەش لە پاڵ زانیارییە زمانییەکان سود لە زانیارییە نازمانییەکانیش وەردەگرێت.

هەروەها زمانەوانیی زانینی تاکە تیۆرێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو لە چەند تیۆر و بۆچوونێک پێکهاتووە، کە لایەنە لێکچوو و هاوبەشەکانیان کۆی کردوونەتەوە (تایلر، ١٣٩٦: ٢٦) و ڕوانینێکی هاوبەشیان هەیە بۆ شیکردنەوەی زمان.

سەبارەت بە مێژووی سەرهەڵدانی قوتابخانەکەش (ڕاسخ مهند، ١٣٨٩: ٦) دەنوسێت: لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانی زمانەوانیی زانینی لە دەیەی ٧٠ و ٨٠ی سەدەی ڕابردوو، لەلایەن ژمارەیەکی کەم لە لێکۆڵەرانەوە لە ئەمریکا ئەنجامدراون، دواتر لە کۆتایی دەیەی ٨٠ لە ئەوروپا و لە دەیەی ٩٠ لە زۆربەی ناوچە جیاوازەکانی جیهان لێکۆڵینەوەی زمانەوانیی ئەنجامدراون، زمانەوانیی زانینی وەکو جوڵانەوەیەکی زمانەوانی لە بەرانبەر ڕێزمانی بەرهەمهێنانی چۆمسکی سەریهەڵدا، کە لەلایەن ڕۆناڵد لانگاکر و جۆرج لاکۆفەوە ڕابەرایەتی

دەکرا (Matthews, 2007: 62)، ئەمەش زیاتر لەسەر بنەمای ئەو کەموکوڕی و ڕەخنانەوە دێت، کە ئاراستەی قوتابخانەی فۆڕمی و بە تایبەتی ڕێبازەکەی چۆمسکی دەکران. لێکۆڵینەوەکانی زمانەوانیی زانینی بە شێوەیەکی گشتی دەکرێن بە دوو لقی سەرەکی، کە بریتیین لە:

١- واتاسازیی زانینی(Cognitive Semantics)

٢- بۆچوونە زانینییەکان بۆ ڕێزمان (Cognitive approaches to Grammar) (Evans and Green, 2006: 48)

لەبەرئەوەی بابەتی لێکۆڵینەوەکەی ئێمە سەر بە لقی واتاسازیی زانینییە، بۆیە تەنیا باسی واتاسازیی زانینی دەکەین.

### ١.١.١ واتاسازیی زانینی

زمانەوانان ئاماژە بەوە دەکەن، کە لە قوتابخانەی زانینیدا زیاتر بایەخ بە لێکۆڵینەوەی واتا دراوە، وەک لە لێکۆڵینەوە لە ڕێزمان (راسخ مهند، ١٣٨٩: ٢١)، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ڕێزمانی زانینی لە سەر بنچینەی ئەو دەستکەوتانە بنیادنراون، کە لە واتاسازیی زانینیدا بە دەست هاتوون.

واتاسازیی زانینی ڕوانینی فەرهەنگی بۆ واتای وشە ڕەتدەکاتەوە و لە بەرانبەردا واتای ئینسکلۆپیدیایی بۆ واتای وشە پەسەند دەکات (روشن و اردبیلی، ١٣٩٢: ٢٩)، بە واتایەکی تر "دارشتەی واتای زمانی بەپێی تێڕوانینی سیمانتیکی درکپێکردن زیاتر سروشتێکی ئینسکلۆپیدی هەیە"(قادر، ٢٠١٧: ٤٣١)، کە لە پەیوەندی نێوان واتا و گەڕانەوەی بۆ جیهانی ڕاستی دەکۆڵێتەوە و هەر یەک لە بابەتەکانی وەکو: بەچەمککردن، مێتافۆر، مێتۆنیمی، واتای ئینسکلۆپیدی و هتد، لە خۆدەگرێت (راسخ مهند،

١٣٨٩: ٣٤). بەهەمان شێوەی زمانەوانیی زانینی واتاسازیی زانینیش تاکە تیۆرێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو لە کۆمەڵێک بۆچوون و تیۆری جیاواز پێکدێت، کە لە سەر بنەمای هاوبەشییەکان لەژێر یەک چەتردا کۆکراونەتەوە (هەمان سەرچاوە: ٣٤).

هەروەها لە واتاسازیی زانینیدا "کرۆکە واتای وشە (کۆزانیاری سیمانتیکی) و واتای پراگماتیکی و کۆمەڵایەتی و کلتووری لەیەکدابڕاو و جیانین" (قادر، ٢٠١٧: ٤٣٢)، بەڵکو پەیوەندییەکی توندیان لە نێواندا هەیە و بە هیچ شێوەیەک لەیەکتر جیاناکرێنەوە.

### ٢.١.١.١ نەخشەی وێنەیی Image Schema

نەخشەی وێنەیی" مۆدێلێکی چەمکی و ئەبستراکتە، کە لە ئەنجامی ڕەفتاری ڕۆژانەی ئێمە لەگەڵ جیهانی دەوروبەردا دروست دەبێت"، (تایلر، ١٣٩٦: ٣٢) واتە مرۆڤەکان لە ژیانی ئاسایی خۆیاندا بەردەوام هەندێک هەڵسوکەوت ئەنجام دەدەن، کە لە ژیانی هەموو مرۆڤێکدا هاوبەشە، وەکو (ڕۆیشتن، هەڵگرتن، ڕاکردن و هتد)، ئەم ئەزموونانە لە شێوەی چەند وێنەیەکی ئەبستراکت لە بیری مرۆڤدا تۆمار دەکرێن، دواتر ئاخێوەر لە بواری زماندا سوودیان لێوەردەگرێت، هەروەها زمانەوانە زانینییەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە ئەگەر پێشتر زاراوەی (وێنەیی) بە هەستی بینینەوە بەسترابێتەوە، ئەوا لە زمانەوانیی زانینیدا بەکارهێنانێکی فراوانتری هەیە و ئەزموونی هەموو هەستەکانی مرۆڤ وەکو (بینین، بیستن و هتد) دەگرێتەوە (روشن و اردبیلی،١٣٩٢ :٤٨ )، بەواتایەکی تر لە زمانەوانیی زانینیدا کاتێک دەوترێت نەخشەی وێنەیی مەبەستمان تەنیا چەمکی ئەو وێنانە نییە، کە لە ڕێگەی هەستی بینینەوە ئەزموونکراون، بەڵکو چەمکەکە لەوە فراوانترە و هەستەکانی تریش دەگرێتەوە.

### ٣.١.١.١  تەنی جوڵاو Trajector (TR) و ناوچەی وەستاو Landmark (LM)

تەنـی جـوڵاو و نـاوچەی وەسـتاو وەکـو دوو تـوخمی سـەرەکی لە نەخشـەی وێنەییـدا ڕۆڵێکـی گرینگیـان هەیە لە بەچەمککردنـی دیمەنەکـانی دەوروبەرمان.


تەنـی جـوڵاو TR بە شـێوەیەکی ئاسـایی بەو توخمـانەی دیمەنێـک دەوترێت، کە بچـووکترە و توانـای جـوڵەی هەیە، بەڵام نـاوچەی وەسـتاو ئامـاژە بە خالێـک دەکـات، کە وەسـتاوە و  تەنـی جـوڵاو لەگەڵیـدا جـوڵە دەکات (راسخ مهند، ١٣٨٩: ٩٩_١٠٠ )، بۆیە هەمیشە بەپێی جۆری نەخشە وێنەیـــیەکە هەرجـــارە و پەیوەنـــدییەکی جیـــاواز لە نێـــوان TR و LM دا دەبینرێت.

زمـــانەوانە زانینییەکـــان لەو بـــاوەڕەدان، کە "بیـــری مـــرۆڤ لە هەر دیمەنێکـدا بەشـێک بە ناونیشـانی تەنـی جـوڵاو و بەشـەکەی تـریش بە ناونیشانی ناوچەی وەستاو دەستنیشان دەکات" (راسخ مهند، ١٣٨٩: ١٢ )، کەواتە جیـــاکردنەوەی تەنـــی جـــوڵاو و نـــاوچەی وەســـتاو پرۆســـەیەکی دەرونییە و پەیوەندی بە زانیارییە زانینییەکانی نـاخی مرۆڤەوە هەیە. بۆ نموونە:

١. مۆبایلەکە لەسەر مێزەکەیە.

بیری ئێمە پێمان دەڵێت مۆبایل = TR و مێز = LM چونکە مۆبایل لە بەرانـبەر مێـزەکە، هەم بچـووکترە و هەم مەودای جـوڵەی زیـاترە، هەر لەبەر ئەمەشە، ئەگەر بڵێین مێزەکە لەژێر مۆبـایلەکەیە کەمێک سـەیر دێتە بەرچـاو، مەگەر کەسـێک بە دوای مێـزەکەدا بگەڕێـت و ئـاخێوەریش بە مەبەستێکی پراگماتیکی بڵێت: مێزەکە لەژێر مۆبایلەکەیە.

هەروەها لە نەخشەی وێنەییدا، تەنی جوڵاو TR بەهۆی بازنەیەکی ڕەش و ناوچەی وەستاویش بەهۆی لاکێشەیەک، یان بازنەیەکی بەتاڵی لەسەر لا نیشاندەدرێت، وەک لە وێنەی ژمارە(١)دا دیارە:




وێنەی ژمارە(١) هێماکانی تەنی جوڵاو و ناوچەی وەستاو

### ٤.١.١.١ فرەواتاییPolysemy

فرەواتایی یەکێکە لەو دیاردە زمانییانەی، "کە بەهۆیەوە یەک فۆڕمی زمانی خاوەنی ژمارەیەک واتای جیاواز و پەیوەندیدار بە یەکەوەن (کرمی، ١٣٩٥: ٣٨)، بەواتایەکی تر فرەواتایی لەو کاتانەدا پەیدا دەبێت کە توخمێکی زمانی زیاتر لە واتایەکی هەبێت و واتاکانیش بۆ یەک ڕەچەڵەک بگەڕێنەوە.

فرەواتایی زۆرجار لەگەڵ هاوبێژیدا تێکەڵ دەکرێت، چونکە هەر یەک لەو دوو دیاردانە مامەڵە لەگەڵ چەند واتایەکی جیاوازدا دەکەن، بەڵام واتا جیاوازەکانی فرەواتایی بەهۆی ئەوەی، کە لە یەک ڕەچەڵەک (یەک

وشــه)ەوە ســەرچاوەیان گرتــووە، بــۆیە پەیوەنــدییان بەیەکەوە هەیە و لە فەرهەنگــدا یەک دەروازەی فەرهەنگییــان بــۆ دەکــرێتەوە، کەچـــی لە هاوبێژییدا لەبەرئەوەی دوو وشـەی واتـا جیاوازە یەک فۆرم وەردەگرێت (فتاح، ٢٠١١: ١٧٤)، بۆیە واتاکانیان هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نابێت و بۆ هەر واتایەک دەروازەیەکی فەرهەنگیی تایبەت دەکرێتەوە.

لاکــۆف و برۆگمــان ئامــاژە بەوە دەکەن، کە فرەواتــایی لە ڕۆنــانی چەمکیـدا هەیە و تەنیـا تـایبەت نییە بە زمـان، واتە فرەواتـایی وەکـو هەر یەکێک لە مێتـافۆڕ و مێتۆنیمی تایبەتەمەندیی ئاوەزی هەیە (راسخ مهند، ١٣٨٩: ٩٧)، بە واتــایەکی تــر فرەواتــایی وەکــو هەر یەکە لە مێتــافۆڕ و مێتــۆنیمی لە بنەڕەتــدا وەکــو چەمکێکــی ئەبســتراکت لە بیــری مــرۆڤ تۆمارکراوە، دواتر دەگوازرێتەوە بۆ زمـان، بۆیە بە پێچەوانەی بۆچوونی دێرین، زمانەوانە زانینییەکان لەو باوەڕەدان، کە فرەواتایی تـایبەت نییە بە واتــای وشــه، بەڵکــو یەکــێکە لە تایبەتمەنــدییەکانی زمــانی مــرۆڤ و لە ئاســتەکانی تــری زمــان (مۆرفۆلـۆجی و ســینتاکس) بەرچــاو دەکەوێـت (مختاری و رضایی، ١٣٩٢: ٧٦).

لە نێـوان واتـا جیاوازەکـانی فرەواتاییـدا، واتـایەکی پێشـنموونەیی و چەنـد واتـایەکی لاوەکـی هەن، واتـا پـێش نمـوونەیەکە، واتـا لاوەکیەکـان بەشــێوی تــۆڕی بەدەوری خــۆیەوە دەبەســتێتەوە (روشــن و اردبیلــی، ١٣٩٢:٤٠)، بەواتــایەکی تــر لە دیــاردەی فرەواتاییــدا هەر وشــەیەک یەک واتــــای بنچینەیـــــی و پێشـــــنموونەیی هەیە، کە بەشـــــێوەی ئاســــــایی بەرجەستەترین واتای توخمێکی زمانییە و زۆرترین بەکارهێنانی هەیە، لە دەوری هەر واتــایەکی بنەڕەتــیش چەنــد واتــایەکی لاوەکــی هەن، کە بە شێوەیەکی گشتی لە بەرانبەر واتا پێشنموونەییەکە ئەبستراکت ترن و بە

بەراورد لەگەڵ واتــا لاوەکییەکــان بەکارهێنانیــان کەمتــرە (تــایلر، ١٣٩٦: ١٠٢)، بەڵام هەموو واتاکان لەیەک سەرچاوەوە هەڵدەقوڵێن.

### ٥.١.١.١ پۆلە تیشکییەکان Radial categories


پۆلە تیشکییەکانیش یەکێکی ترە لەو بابەتە گرنگانەی، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە پێکهاتەی ناوەوەی فرەواتاییەوە هەیە، بۆیە لە واتاسازیی زانینیدا بایەخێکی زۆری پێدراوە، هەر لەم بارەیەوە لاکۆف پێیوایە وشەکان لە ناوخۆیاندا پۆلی ئاڵۆزیان هەیە، کە ناوی ناوە پۆلە تیشکییەکان (راسخ مهند، ٢٣٨٩: ٩٦)، بە واتایەکی تر لە دیاردەی فرەواتاییدا واتا جیاوازەکانی کەرەستەیەکی زمانی لە بیری مرۆڤدا وەکو پۆلێکی تیشکی سەیردەکرێن، کە خاوەنی واتایەکی پێشنموونەیی و چەند واتایەکی لاوەکین (سبزاوی، ١٣٩٧: ٢٥٦)، بۆیە دەکرێت لە سادەترین پێناسەدا بڵێین: پۆلی تیشکی " پۆلێکی چەمکییە، کە تێیدا چەند چەمکێک لە پەیوەندی لەگەڵ یەک چەمکی ناوەندیدا ڕێکدەخرێن" (دهقان، ١٣٩٧: ٧)، هەروەها لە پۆلی تیشکیدا هەر کۆمەڵەیەک خاوەنی پێکهاتەیەکی تیشکی و چەند ئەندامێکی پلەدارن (مختاری و رضایی، ١٣٩٢: ٧٥)، بە واتایەکی تر بە پێی واتاسازیی زانینی چەمکە جیاوازەکانی توخمێکی زمانی لە بیری مرۆڤدا بە شێوەی پۆلێکی تیشکی پلەدار لە دەوری واتایەکی پێشنموونەیی بڵاودەبنەوە.

### ٦.١.١.١ تۆڕی واتایی Semantic Network

تۆڕی واتایی، لایەنی دەرکەوتە و فیزیکی ئەو پەیوەندییە جیاوازانەیە، کە واتا جیاوازەکانی چەمکێک لە بیری مرۆڤدا بە شێوەی تیشکی دروستی دەکەن، بە واتایەکی تر تۆڕی واتایی "شێوەیەکی گرافیکییە، بۆ خستنەڕووی ئەو چەمکانەی، کە کۆمەڵێک گرووپ و

پەیوەندی لە خۆدەگرن" (مختاری و رضایی، ۱۳۹۲: ۷٤)، و لێکۆڵەران لەو لێکۆڵینەوانەی، کە لە بواری واتاسازیی زانینیدا ئەنجامی دەدەن بۆ خستنەڕووی واتا جیاوازەکانی تۆخمێکی زمانی سوود لە تۆڕی واتایی وەردەگرن و واتا پێشنموونەیی و واتا لاوەکییەکان بەهۆی ئەو تۆڕە واتاییەوە دەخەنەڕوو.

شێوەی تۆڕە واتاییەکەش بە جۆرێکە، کە واتای سەرەتایی لە ناوەڕاست و واتا جیاوازە پەیوەندیدارەکانی تریش بە دەوری واتا سەرەتاییەکەوەن (بامشادی و همکاران، ۱۳۹٦: ۲٤)، کە بەشێوەیەکی زنجیرەیی دەردەکەوێت، وەک لەم وێنەیەی خوارەوادا خراوەتەڕوو:




وێنەی ژمارە(۲) تۆڕی واتایی

ئەو واتایەی کە لە کرۆکی تۆڕە واتاییەکەدا دێت پێی دەوترێت واتای سەرەتایی (primary sense)، کە بازنەیەکی گەورەی ڕەشە، هەروەها بازنە گەورە سپی (بەتاڵ)ەکان پێیان دەوترێت هێشووی واتایی (cluster)

of sense، کە چەند واتایەکی لەیەکترنزیک کۆدەکاتەوە، لەگەڵ کۆمەڵێک بـــازنەی ڕەشـــی بچـــووک، کە واتـــا جیاوازەکـــان دەگـــرێتەوە، تەواوی بازنەکانیش کە واتا جیاوازەکان دەنوێنن، بەهۆی چەند پارچە ڕاستەهێلێک چ بە ڕێگەی ڕاستەوخۆ چ بە ڕێگەی ناڕاستەوخۆ بە واتا سـەرەتاییەکەوە بەسـتراون، هەروەهـا زمانەوانـان ئامـاژە بەوە دەکەن، کە "لە نێـوان واتـا جیاوازەکانی وشە فرەواتاکاندا پەیوەندییەکی واتادار (لە جۆری مێتافۆر و مێتۆنیمی هەیە)" (تایلر، ١٣٩٦: ٣١)، بۆیە لە تۆڕی واتاییدا هەرچەندە واتا جیاوازەکـــان واقعیتـــربن زیـــاتر لە واتـــای ســـەرەتایی نزیکـــدەبنەوە، بە پێچەوانەشەوە هەرچەند واتا جیاوازەکان لە واقع دوورتر بکەونەوە، ئەوا زیـــاتر لە واتـــای ســـەرەتایی دووردەکەونەوە و وەک واتـــای پەراوێـــزی دەردەکەون (ســـبزاوی، ١٣٩٧: ٢٥٦)، بـــۆیە وەکـــو واتـــایەکی پەراوێـــزی مامەڵەیـــان لەگەڵـــدا دەکرێـــت، کە لە واتـــا ســـەرەتاییەکەوە ســـەرچاوەیان گرتـووە. بـۆ نمـوونە واتـای (هاوکـاری)، کە یەکـێکە لە واتـا جیاوازەکـانی ئامرازی بەنـدی (لەگەڵ) لە واتـای سـەرەتایی (بەیەکەوەبوون) وەرگیـراوە، لە نموونەکانیشـــدا لەپـــاڵ واتـــای (هاوکـــاری) هەســـت بە چەمـــکە سەراتاییەکەش دەکرێت (بڕوانە ٢.٢.١).

### ٧.١.١.١ مۆدێلی فرەواتای بنەمادار Principled polysemy model

مۆدێلی فرەواتـای بنەمـادار، مـۆدێلێکی زمـانەوانیی زانینییـە، لە سـاڵی ٢٠٠٣ لەلایەن ئەنـدێرا تـایلەر و ڤیڤیـان ئەیڤـانس لە کتێبـی ( The Semantics of English prepositions)دا بە مەبەسـتی دەستنیشـانکردنی واتـای سـەرەتایی و واتـا جیاوازەکـانی تـۆڕی واتـایی ئامرازە بەندەکان خرایەڕوو، بەپێی ئەم مۆدێلە پەیوەندییەکی سروشـتی لە نێوان واتای پێشنموونەیی و واتا جیاوازەکانی ئامرازە بەندەکاندا هەیە (بامشـــادی و انصـــاریان، ١٣٩٣: ٨٠)، ئەم مـــۆدێلەش ڕێـــگەیەکە بـــۆ

خستنەڕووی ئەو پەیوەندییە، واتە مۆدێلی فرەواتای بنەمادار لە بنەڕەتدا بۆ خستنەڕووی تۆڕی واتایی ئامرازەبەندەکان پێشنیازکراوە، بەڵام هەندێک لە زمانەوانان هیواخوازن مۆدێلەکە پەلبهاوێت بۆ شیکردنەوەی پۆلە زمانییە جیاوازەکانی تر (رضوان و خانزاده، ١٣٩٣: ٦٠).

سەرهەڵدانی مۆدێلی فرەواتای بنەمادار لە دوای کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەی زانینی لە سەر ئامرازە بەندەکانەوە دێت، بە تایبەتی لێکۆڵینەوەکانی جۆرج لاکۆف، برۆگمان، کریتزێر و چەند زمانەوانێکی تر، کە چەند ساڵێک بەر لە هاتنەکایەوەی ئەم مۆدێلە لە سەر ئامرازی بەندی (over) لە زمانی ئینگلیزی ئەنجامیان دابوو، کە ڕاوبۆچوونی جیاوازی لەخۆگرتبوو، بۆیە هەبوونی بۆچوونی جیاواز لەسەر (واتا جیاوازەکانی) ئامرازە بەندەکان لە لایەک و نەبوونی هیچ پێوەرێکی دیاریکراو بۆ دەستنیشانکردنی واتا جیاوازەکانی هەر ئامرازێک لە لایەکی ترەوە ڕێگەخۆشکەربوون بۆ هاتنەکایەوەی ئەم مۆدێلە (کرمی و یوسف راد، ١٣٩٧: ٨٨)، لەبەرئەوەی لە تێڕوانینەکانی پێشتر ڕێگەیەکی دیاریکراو و سنووردار بۆ دەستنیشانکردنی واتای سەرەتایی و واتا جیاوازەکان بۆ ئامرازە بەندەکان نەبووە، بۆیە تایلەر و ئەیڤانس بە مەبەستی کۆنترۆلکردن و دەستنیشانکردنی واتا جیاوازەکان و واتای سەرەتایی هەر ئامرازێکی بەند چەند پێوەرێکیان پێشنیاز کردووە، بەم شێوەی خوارەوە:

**١.٧.١.١.١ پێوەرەكـانی دەستنیشـانكردنی واتـا جیاوازەكـانی ئـامرازە بەندەكان:**

تـــایلەر و ئیڤـــانس لە ســـاڵی ٢٠٠٣، دوو پێـــوەر بـــۆ دەستنیشـانكردنی واتـا جیاوازەكـان دەخەنەڕوو كە بـریتین لەمـانەی خوارەوە:

١- تاوەكو واتایەک بە وتایەكی جیاواز هەژمار بكرێت، پێویستە واتـایەكی زیـادە لە واتاكـانی تـر لە خۆبگرێـت، ئەم واتـا جیـاوازەش پێویســتە فەزای جیــاواز یــاخود پەیكەربەنــدی (configuration)ی جیاواز لە نێوان تەنی جوڵاو Tr و ناوچەی وەستاو Lm نیشانبدات.

٢- پێویسـتە واتـا جیاوازەكان لە دەوروبەردا سـەربەخۆبن، واتە نابێت واتا جیاوازەكان بە دەوروبەوە بەندبن (Tyler and Evans, 2003: 42-45).

**٢.٧.١.١.١ پێوەرەكـانی دەستنیشـانكردنی واتـای ســەرەتایی ئـامرازە بەندەكان**

بۆ دەستنیشانكردنی واتای سەرەتایی ئامرازە بەندەكان (Tyler and Evans, 2003: 47-50) ئەم پێوەرانە دەخەنەڕوو:

١- یەكەمـین واتـای دانپێنـراو (تأییـدكراو)، واتە كـۆنترین واتـای هەر ئامرازێكی بەند دەكرێت وەكو واتـای سـەرەتایی ئـامرازەكە هەژماربكرێت، ئەویش لە ڕێگەی سەرچاوە و دەقە كۆنەكانەوە دەبێت.

٢- زاڵترین واتا لە تۆڕی واتاییدا؛ هەر تۆڕێكی واتایی چەندین واتای جیـاواز لەخۆدەگرێـت، بەڵام لە ناویانـدا واتـایەک هەیە، كە لە هەمـوو

واتاكانی تر زاڵترە و دەكرێت لە ناو هەموو واتا جیاوازەكانی تردا هەستی پێ بكرێت.

٣- بەكارهێنانی لە پێكهاتەی لێكدراودا، واتە ئەو واتایەی، وەكو واتای سەرەتایی هەڵدەبژێردرێت دەبێت لە پێكهاتەی لێكدراویشدا بە هەمان واتا بەكاربێت.

٤- پەیوەندی هەبێت لەگەڵ ئامرازە بەندەكانی تردا، بۆ نموونە یەكێك لە واتاكانی ئامرازی (لە) (سەرەتا و دەستپێكە)، لە بەرانبەردا ئامرازی بەندی (تا) هەیە، كە بە واتای (كۆتایی و ئامانج) دێت.

٥- پێشبینی ڕێزمانی، هەڵبژاردنی واتای سەرەتایی دەبێت توانای ئەوەمان پێبدات، كە پێشبینی ئەوە بكەین، كە واتا جیاوازەكان لە واتا سەرەتاییەكەوە وەرگیراون، چونكە هەرچەندە پێشبینیكردنەكە ئاسانتربێت ئەوا واتا هەڵبژێردراوەكە زیاتر لە واتای سەرەتایی نزیك دەبێتەوە.

دواتر (ایوانز و گرین، ١٣٩٨: ٤٥٥) هەندێك گۆڕانكاری لەم پێوەرانەدا ئەنجامدەدەن و پێوەرەكان بۆ (٤) پێوەر كەم دەكەنەوە، بەم شێوەی خوارەوە:

١- سەرەتاییترین واتای دانپێنراو.

٢- زاڵترین واتا لە تۆڕی واتاییدا.

٣- پەیوەندی لەگەڵ ئامرازە بەندەكانی تردا.

٤- ئاسانی پێشبینیكردنی فراوانبوونی واتایی.

### ٢.١ ئامرازی بەند preposition

بەپێی بۆچوونی زمانەوانە زانینییەکان "ئامرازی بەند ئەو توخمە زمانیانەن، کە بۆ پیشاندانی شوێن و پێگەی شتێک لە بەرانبەر شتێکی تر بەکاردێت" (بامشادی و هاوکارانی، ١٣٩٦: ٢٤)، بە واتایەکی تر "ئامرازە بەندەکان پەیوەندیی نێوان تەنی جوڵاو (TR) و ناوچەی وەستاو (LM) نیشاندەدەن"(دهقان، ١٣٩٧: ٧-٨ )، واتە هەر ئامرازێکی بەند بە شێوەیەکی ئاسایی پەیکەربەندیی نێوان دوو توخم نیشاندەدا" (بامشادی و همکاران، ١٣٩٣ :٨١)، توخمەکانیش هەمیشە یەکێکیان جوڵاوە، بۆیە پێی دەڵێن تەنی جوڵاو، لە بەرانبەر ناوچەیەک کە هەمیشە وەستاوە، بۆیە پێی دەڵێن (ناوچەی وەستاو).

### ٢. شیکردنەوەی داتاکانی لێکۆڵینەوەکە:

لەم بەشەدا هەوڵی دەستنیشانکردنی واتا جیاوازەکانی هەریەک لە ئامرازە بەندەکانی (تا) و (لەگەڵ) دەدەین، پاشان لەسەر بنەمای ئەو پێوەرانەی کە تایلەر و ئەیڤانس لە چوارچێوەی مۆدێلی فرەواتای بنەماداردا بۆ دەستنیشانکردن و خستنەڕووی واتای سەرەتایی پێشکەشیان کردووە، واتای سەرەتایی هەر یەکێک لە ئامرازەکان دەستنیشان دەکەین لە کۆتاییشدا واتا جیاوازەکان و واتای سەرەتای هەر ئامرازێکی بەند لە تۆڕێکی واتاییدا دەخەینەڕوو.

### ١.٢ شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (تا)

ئامرازی (تا) وەکو ئامرازێکی بەند لە ڕستەی سادەدا خاوەنی چەند واتایەکی جیاوازە[١]، لە خوارەوە لە هەریەکەیان دەدوێین.

### ١.١.٢ واتا جیاوازەکانی ئامرازی بەندی (تا)

**یەکەم_ بۆ دیاریکردنی کۆتایی شوێنی ڕوودان، وەک:**

٢. تا زانکۆ بە پێ هاتم.

لە نموونەی سەرەوەدا ئامرازی بەندی (تا) کۆتایی شوێنی ڕوودانەکە (هاتن) دیاریدەکات، بە واتایەکی تر ئامرازەکە جوڵەی تەنی جوڵاو کە (م/ من)ـە بە ئاراستەی ناوچەی وەستاو کە (زانکۆ)یە دیاریدەکات.

**دووەم_ بۆ دیاریکردنی کۆتایی کاتی ڕوودان، وەک:**

٣- تا نیوەڕۆ کاردەکەم.

٤- ڕۆژانە لە کاتژمێر سێ تا چوار دەخوێنم.

لە نموونەکانی ژمارە (٣) و (٤)دا ئامرازی بەندی (تا) چەمکی گەیشتن بە کۆتایی کاتی ڕوودانەکە دەگەیەنێت، واتە ئامرازی بەندی (تا) جوڵەی تەنی جوڵاو (م/ من) بە ئاراستەی ناوچەی وەستاو (نیوەڕۆ، کاتژمێر چوار) دیاریدەکات.

لەبەرئەوەی واتای (یەکەم) و (دووەم) هەمان پەیکەربەندییان هەیە، بۆیە بەپێی پێوەرەکانی تایلەر و ئەیڤانس بەیەک واتا هەژمار دەکرێن.

**سێیەم_ ڕادە و پێوانە:**

ئامرازی بەندی (تا) لە هەندێک کاتدا واتای ڕادە و پێوانە دەگەیەنێت، وەک:

**٥. ڕۆژانە سێ تا شەش کاتژمێر دەخوێنم.**

**٦. بیرەکە بیست تا سی مەتر قوڵە.**

لە نموونەی (٥) دا ئامرازی بەندی (تا) بە واتای ڕێژەیەک (ماوەیەک) کە وەکو پێوانەیەک بەکاردێت و کەوتۆتە نێوان (سێ) و (شەش) کاتژمێر، هەروەها لە نموونەی (٦)دا ئامرازەکە بە واتای ڕادەیەک دێت کە لە نێوان بیست تا سی مەتردایە.

**چوارەم_ چەمکی بەردەوامی:**

ئامرازی بەندی (تا) لە هەندێک باردا چەمکی بەردەوامی دەگەینێت، وەک

٧. ڕۆژ تا ئێوارە لە بەر دەرگایە. (بە بەردەوامی لەبەر دەرگایە)

**پێنجەم_ چەمکی بەدواییەکدا هاتن:**

چەمکی بەدواییەکداهاتنیش یەکێکی ترە لەو واتا جیاوازانەی کە ئامرازی بەندی (تا) لە خۆی دەگرێت وەک:

٨. تا دێت گەنجتر دەبیتەوە. (ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەنجتر دەبیتەوە)

لەبەرئەوەی هەردوو واتای (بەردەوامی) و (بەدواییەکداهاتن) چەمکی دووبارە بوونەوەیان تێدایە بۆیە هەردوو واتاکە لەژێر ناوی یەک هێشووی واتایی، بە ناوی (هێشووی دووبارەبوونەوە) کۆدەکەینەوە.

**شەشەم_ جیاوازیی نێوان دوو کەس یان دوو شت دەگەیەنێت**

ئەم ئامرازە هەندێکجار چەمکی جیاوازی لە نێوان دوو کەس یان دوو شت دەگەیەنێت، وەک:


٩. ئۆتۆمبێل تا ئۆتۆمبێل جیاوازە.

هەروەها دەکرێت جیاوازییەکە لە نێوان دوو چەمکی ئەبستراکتیشدا بکرێت، وەک:

١٠. تورەبوون تا تورەبوون جیاوازە.

**٢.١.٢ واتای سەرەتایی:**


ئەگەر لە ڕوانگەی پێوەرەکانی تایلەر و ئەیڤانس سەیری ئەو واتا جیاوازانە بکەین کە بۆ ئامرازی بەندی (تا) دەستنیشانکران، دەبێت واتای کۆتایی (کات/ شوێن) وەکو واتای سەرەتای ئامرازەکە هەژمار بکەین، چونکە بەپێی پێوەرەکان سەرەڕای ئەوەی، کە ئەم واتایە زاڵترین واتای ناو تۆڕی واتایی ئامرازە بەندەکەیە، کۆنترین واتای ئامرازەکەشە[٢]، کە هەر لە کۆنەوە ئامرازەکە بۆ ئەو واتایە بەکارهاتووە، هەروەها ئەم ئامرازە بەندە لە بەرانبەر ئامرازێکی تری بەند بە هەمان ئەو واتایە (واتای کۆتایی کات/ شوێن) لە پەیوەندیدایە، کە ئامرازی بەندی (لە)یە و واتای سەرەتا دەگەیەنێت. نەخشەی وێنەیی واتای سەرەتایی ئامرازی بەندی (تا) لە وێنەی ژمارە (٣)دا خراوەتەڕوو:




وێنەی ژمارە (٣) نەخشەی وێنەیی واتای سەرەتایی ئامرازی بەندی (تا)

### ٣.١.٢ تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (تا):

دوای ئەوەی، کە واتاکانی یەکەم و دووەم بە یەک واتای جیاواز هەژمارکران، ئامرازە بەندەکە (پێنج) واتای جیاواز لەخۆدەگرێت، هەروەها لە تۆڕە واتایەکەدا یەک هێشووی واتایی بە ناوی (هێشووی واتایی دووبارەبوونەوە) بەرچاودەکەوێت، کە بەهۆی بوونی چەمکی دووبارەبوونەوە لە هەردوو واتای (بەردەوامی) و (بەدواییەکداهاتن) دروست بووە، تەواوی واتا جیاوازەکانیش بە شێوەیەکی تیشکی لە دەوری یەک واتای سەرەتایی کۆدەبنەوە کە واتای ( کۆتایی کات/ شوێن )ە. وەک لە وێنەی ژمارە (٤) ئاماژەی پێکراوە:




وێنەی ژمارە (٤) تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (تا)

## ٢.٢- شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (لەگەڵ):

ئـامرازی بەنـدی (لەگەڵ) بە بەراورد لەگەڵ ئامرازەبەنـدەکانی تـری زمانی کوردی زۆر بە کەمی لێی کۆڵراوەتەوە، بە تایبەت لەڕووی واتاوە، تەنانەت زۆربەی ئەوانەی باسیشیان کردووە، تەنیا واتای (بەیەکەوەبوون) یـان دەستنیشـانکردووە، بـۆیە ئـێمە لەم تـوێژینەوەیەدا هەوڵـدەدەین لە سـەرەتادا واتـا جیاوازەکـانی ئـامرازە بەنـدەکە، پاشـان لەنـاو واتـا جیاوازەکانـدا بەپێـی پێوەرەکـانی تـایلەر و ئەیڤـانس واتـای سـەرەتای ئامرازی بەندی (لەگەڵ) دەستنیشانبکەین، بەم شێوەیەی خوارەوە:

### ١.٢.٢ واتا جیاوازەکانی ئامرازی بەندی (لەگەڵ)

ئـامرازی بەنـدی (لەگەڵ) چەنـد واتـایەکی جیـاواز لەخۆدەگرێـت، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:-

**یەکەم- بەیەکەوەبوون:**

ئەمە یەکێکە لە واتا جیاوازەکانی ئامرازی بەندی (لەگەڵ)، کە بـریتییە لە بەیەکەوەبـوونی دوو کەس یـان دوو شـت، بە واتـایەکی تـر ئـامرازی بەندی لەگەڵ پەیکەربەندی لە نێوان تەنی جوڵاو و ناوچەی وەستاو بە جۆرێک نیشاندەدات، کە هەردووکیان دەکەونە پاڵ یەکتری. وەک

١١. لەگەڵ باوکم دەچم بۆ هەولێر.

لە نمـوونەی سـەرەوەدا (م/مـن) تەنـی جـوڵاوە و بـاوکم نـاوچەی وەستاوە.

**دووەم_ هاوکاری:**

هاوکاری یەکێکی ترە لە واتا جیاوازەکانی ئامرازی بەندی (لەگەڵ)، کە تێیـدا تەنـی جـوڵاو بە هاوکـاریی نـاوچەی وەسـتاو هەوڵـی دەستەبەرکردنی ئامانجێک دەدەن، وەک:

١٢. پزیشکەکە لەگەڵ پەرستارەکان نەشتەرگەرییەکە دەکات.

لە نموونەی ژمارە (١٢) دا ئامرازی بەندی لەگەڵ، چەمکی هاوکاری هەڵگرتووە، بە واتایەکی تر تەنی جوڵاو (پزیشکەکە) بە هاوکاری ناوچەی وەستاو (پەرستارەکان) نەشتەرگەرییەکە دەکەن.

**سێیەم_ پەیوەندیی کۆمەڵایەتی:**

ئەمەش یەکێکی تره لە واتا جیاوازەکانی ئامرازە بەندەکە، لەو کاتانەدا دورست دەبێت، کە دوو کەس پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی و هاوڕێیەتییان لە نێواندا هەبێت، وەک:

١٣. ئازاد لەگەڵ برادەرەکەی باش نییە.

لە نموونەی سەرەوەدا زانیاری لەبارەی پەیوەندیی نێوان تەنی جوڵاو (ئازاد) و ناوچەی وەستاو (برادەرەکەی) خراوەتەڕوو، بۆیە ئامرازی بەندی (لەگەڵ) واتای پەیوەنییەکی کۆمەڵایەتی گەیاندووە.

**چوارەم_ پەیوەندیی سۆزداری:**

پەیوەندیی سۆزداریش یەکێکی تره لە واتا جیاوازەکانی ئامرازی بەندی (لەگەڵ)، کە لە نێوان ڕەگەزی نێر و ڕەگەزی مێدا دروست دەبێت، وەک

١٤. ئازاد و نەسرین لەگەڵ یەکن.

لە نموونەی ژمارە (١٤)دا تەنی جوڵاو (ئازاد) لەگەڵ ناوچەی وەستاو (نەسرین) لە پەیوەندییەکی سۆزداریدان.

**پێنجەم– هاوڕابوون:**

هاوڕابوون یەکێکی تره لە واتا جیاوازەکانی ئامرازی بەندی (لەگەڵ)، کە تێیدا کەسێک لەگەڵ کەسێکی تر یاخود لەگەڵ بۆچوونێک هاوڕایە، وەک:

١٥. من لەگەڵ ئەو پێشنیازەدام.

لە نموونەی سەرەوەدا تەنی جوڵاو (من) هاوڕایە لەگەڵ ناوچەی وەستاو (ئەو پێشنیازە)، کە چەمکێکی ئەبستراکتە.

**شەشەم_ پشتگیری:**

ئەمەش یەکێکی ترە لە واتا جیاوازەکانی ئامرازەکە، کە بە واتای پشتگیریکردنی لایەنێک لەلایەنێکی تر دێت، وەک:

١٦. خەمت نەبێت من لە گەڵتم.

لە نموونەی ژمارە (١٦) تەنی جوڵاو (من) پشتگیری ناوچەی وەستاو (لایەنی دووەم (ت) ) دەکات، کە چەمکێکی ئەبستراکتە.

**حەوتەم_ لەبارەی (سەبارەت بە):**

واتای (لەبارەی) یەکێکی ترە لەو واتا جیاوازانەی، کە ئامرازە بەندەکە دەگرێتە خۆی، وەک:

١٧. نەوزاد پرسی: ئازاد لەگەڵ وانەکانت چۆنی؟

لە نموونەی ژمارە (١٧) دا ئامرازی بەندی لەگەڵ واتای (لەبارەی) دەگەینێت، بە واتایەکی تر نەوزاد پرسیار لە تەنی جوڵاو (ئازاد) دەکات، تاوەکو لە بارەی ناوچەی وەستاوەوە (وانەکان)ی زانیاری پێبدات.

**هەشتەم_ مەبەست:**

ئەمەش یەکێکی ترە لە واتا جیاوازەکانی ئامرازی بەندی (لەگەڵ)، کە تێیدا دوای ئەوەی کە تەنی جوڵاو قسەیەک دەکات مەبەستی ناوچەی وەستاوە. وەک:

١٨. من لەگەڵ تۆمە.

لە نموونەی سەرەوەدا ئامرازی بەندی (لەگەڵ) مەبەستەکەی لە تەنی جوڵاوەوە (من) ئاراستەی ناوچەی وەستاو (تۆ) دەکات.

لەبەرئەوەی واتاکانی (هاوکاری، پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، پەیوەندیی سۆزداری، هاوڕابوون، پشتگیری، لەبارەی و مەبەست)، لەپاڵ واتا جیاوازەکانیان چەمکی پەیوەندیش لەخۆدەگرن، بۆیە هەر حەوت واتاکە بە یەک هێشووی واتایی بە ناوی (هێشووی پەیوەندی و هەماهەنگی) هەژمار دەکرێن.

**نۆیەم_ بەهۆی:**

ئەمەش یەکێکی ترە لە واتا جیاوازەکانی ئامرازی بەندی (لەگەڵ)، کە تێیدا تەنی جوڵاو بەهۆی ناوچەی وەستاوەوە توشی حاڵەتێکی تایبەت دەبێت. وەک:

١٩. من لەگەڵ ئەو سەرئێشەیە مردم.

لە نموونەی ژمارەی (١٩)دا تەنی جوڵاو (من) بەهۆی ناوچەی وەستاو (سەرئێشە) وە، کە چەمکێکی ئەبستراکتە، لە بارودۆخێکی ناخۆشدایە.

**دەیەم_ بار:**

یەکێکی تر لە واتا جیاوازەکانی ئامرازی بەندی (لەگەڵ) بریتییە لە واتای بار (حاڵەت). وەک:

٢٠. هاوسەرەکەم لەگەڵ کۆڵێک خەم جێیهێشتم.

لە نموونەی سەرەوەدا تەنی جوڵاو بریتییە لە (هاوسەرەکەم) و ناوچەی وەستاویش بریتییە لە (کۆڵێک خەم)، واتە هاوسەرەکەم (تەنی جوڵاو) لە حاڵەتێکدا، کە بریتییە لە ناوچەی وەستاو (بارێک خەم) جێیهێشتم.

**یازدەهەم_ هەبوون:**

هەبوونیش یەکێکی ترە لە واتا جیاوازەکانی ئامرازی بەندی (لەگەڵ) کە تێیدا تەنی جوڵاو خاوەندارێتیی ناوچەی وەستاو دەکات. وەک:

٢١. ئازاد لەگەڵ ئەو هەموو ئازارە چۆن دەژی.

لە نموونەی ژمارە (٢١)دا تەنی جوڵاو (ئازاد) خاوەندارێتیی ناوچەی وەستاو (ئەو هەموو ئازارە)، کە چەمکیکی ئەبستراکتە دەکات.

بەهۆی ئەوەی، کە هەریەک لە واتاکانی (بەهۆی، بار و هەبوون) چەمکی بارودۆخیان تێدایە، بۆیە هەرسێک واتاکە بە یەک هێشووی واتایی هەژمار دەکرێن، کە پێی دەوترێت (هێشووی بارودۆخ).

**دوازدەهەم_ لە کاتی:**

(لە کاتی)یش یەکێکی ترە لە واتا جیاوازەکانی ئامرازە بەندەکە، وەک لەم نموونەیەی خوارەوەدا دیارە:

٢٢. من لەگەڵ بانگی بەیانی دەڕۆم. (من لە کاتی بانگی بەیانی دەڕۆم)

لە نموونەی ژمارە (٢٢)دا لەگەڵ بە واتای (لە کاتی) دێت، واتە تەنی جوڵاو (من) لە کاتێک دەڕوات، کە ناوچە وەستاوەکە لەخۆیگرتووە، کە (بانگی بەیانی)یە و چەمکێکی ئەبستراکتە.

**سێزدەهەم_ بەراورد:**

یەکێکی تر لە واتا جیاوازەکانی ئامرازی بەندی (لەگەڵ) بریتییە لە واتای (بەراورد)، کە لە نێوان دوو کەس یان دوو شت ئەنجام دەدرێت. وەک:

٢٣. من لەگەڵ خۆت مەخوێنەوە.

لە نموونەی ژمارە (٢٣)دا ئامرازی بەندی لەگەڵ، تەنی جوڵاو (من) لەگەڵ ناوچەی وەستاو (خۆت) بەراورد دەکات.

**چواردەهەم_ ڕووبەڕووبوونەوە:**

واتای (ڕووبەڕووبونەوە)ش بە یەکێک لە واتا جیاوازەکانی ئامرازی بەندی (لەگەڵ) هەژماردەکرێت، چونکە تەنی جوڵاو و ناوچەی وەستاو ڕووبەڕووی یەکتر دەکاتەوە. وەک:


٢٤. یانەی سۆران لەگەڵ یانەی هەولێر یاری دەکات.

لە نموونەی ژمارە (٢٤)دا تەنی جوڵاو (یانەی سۆران) ڕووبەڕووی ناوچەی وەستاو (یانەی هەولێر) دەبێتەوە.

لەبەرئەوەی هەردوو واتای (بەراورد) و (ڕووبەڕووبونەوە) چەمکی بەرانبەرییان تێدایە، بۆیە هەردوو واتاکە بەیەکەوە (هێشووی بەرانبەری) پێکدێنن.

## ٢.٢.٢ واتای سەرەتایی ئامرازی بەندی (لەگەڵ)


بەپێی ئەو بنەمایانەی، کە تایلەر و ئەیڤانس لە مۆدێلی فرەواتای بنەمادار سەبارەت بە دەستنیشانکردنی واتای سەرەتایی ئامرازە بەندەکان خستوویانەتەڕوو، واتای (بەیەکەوەبوون)، وەکو واتای سەرەتایی ئامرازی بەندی (لەگەڵ) هەژماردەکرێت، چونکە ئەم واتایە لە ڕووی مێژووییەوە، کۆنترین واتای ئامرازەکەیە[٣] و لە تۆڕی واتایی ئامرازەکەشدا زاڵترین واتای ناو تۆڕەکەیە، چونکە چەمکی (بەیەکەوەبوون) لە هەموو واتا جیاوازەکانی تر هەستی پێ دەکرێت، واتای بەیەکەوەبوون لە وێنەی ژمارە (٥)دا خراوەتەڕوو:




وێنەی ژمارە (٥) نەخشەی وێنەیی واتای سەرەتایی ئامرازی بەندی (لەگەڵ)

### ٣.٢.٢ تۆڕی واتای ئامرازی بەندی (لەگەڵ)

تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی لەگەڵ جگە لە واتای سەرەتایی ئامرازە بەندەکە (سێ) هێشووی واتایی و یەک واتای جیاواز لەخۆدەگرێت، وەک لە وێنەی ژمارە (٦)دا دیارە:




وێنەی ژمارە (٦) تۆڕی واتایی ئامرازی بەندی (لەگەڵ)

**ئەنجام:**

گرنگترین ئەو ئەنجامانەی لەم توێژینەوەیەدا پێی گەیشتووین بریتین لەمانەی خوارەوە:

١.دوای شیکردنەوەی تۆڕی واتایی هەردوو ئامرازی بەندی (تا) و (لەگەڵ) وەکو دوو نموونەی ئامرازەبەندەکانی زمانی کوردی، ئەوەمان بۆدەرکەوت، کە مۆدێلی فرەواتای بنەمادار، مۆدێلێکی گونجاوە بۆ شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازە بەندەکانی زمانی کوردی.

٢.ئامرازی بەندی (تا) جگە لە واتای (دیاریکردنی کۆتایی کات/شوێن)، کە واتای سەرەتایی ئامرازە بەندەکەیە چوار واتای

جیـــاوازیش لەخۆدەگرێـــت، کە بـــریتین لە واتاکـــانی (بەردەوامـــی، بەدواییەکداهاتن، ڕادە و پێوانە و جیاوازی).

٣. سـەرەڕای ئەوەی، کە ئـامرازی بەنـدی (تـا) هەریەک لە واتاکـانی (دیـاریکردنی کۆتـایی کـاتی ڕوودان) و (دیـاریکردنی کۆتـایی شـوێنی ڕوودان)، کە دوو واتـــای جیـــاوازن دەگەیەنێـــت، بەڵام بەپێـــی مـــۆدێلی فرەواتـای بنەمـادار وەکو یەک واتـای جیـاواز سـەیردەکرێت، چونکە یەک پەیکەربەندی لە نێوان تەنی جوڵاو و ناوچەی وەستاو نیشاندەدەن.

٤. لەبەرئەوەی واتاکـانی (بەردەوامـی) و (بەدواییەکـداهاتن) چەمکـی دووبارەبوونەوەیـان تێدایە، بـۆیە هەردوو واتـا جیـاوازەکە یەک هێشـووە واتا پێکدێنن، کە پێی دەوترێت (هێشووە واتای دووبارەبوونەوە).

٥. ئـامرازی بەنـدی (لەگەڵ) لەپـاڵ واتـای (بەیەکەوەبـوون)، کە واتـای سـەرەتایی ئـامرازە بەنـدەکەیە، (سـێزدە) واتـای جیـاواز لەخۆدەگرێت، کە بریتین لە واتاکانی (ڕووبەڕوبونەوە، بەراورد، هاوڕا، هاوکاری، پشـتگیری، مەبەسـت، پەیوەنـدیی ئاسـایی، پەیوەنـدیی سـۆزداری، لەبـارەی، لە کـاتی، بەهۆی، بار و هەبوون).

٦. تـۆڕی واتـــایی ئـــامرازی بەنـــدی (لەگەڵ) بەهـــۆی نزیکیـــی واتـــا جیاوازەکـان لەیەکەوە سـێ هێشـووە واتـای جیـاواز لەخۆدەگرێـت، بەم شێوەی خوارەوە:

ا. هێشـــووە واتـــای پەیوەنـــدی و هەمـــاهەنگی: کە هەریەک لە واتـــا جیاوازەکـــانی (هـــاوڕا، هاوکـــاری، پشـــتگیری، پەیوەنـــدیی کـــۆمەڵایەتی، پەیوەندیی سۆزداری، لەبارەی و مەبەست) لەخۆدەگرێت.

ب. هێشــووه واتــای بەرانــبەری: کە واتاکــانی (ڕووبەڕووبــونەوە، بەراورد) لەخۆدەگرێت.

پ. هێشــووه واتــای بــارودۆخ: ئەم هێشــووه واتــایەش ســێ واتــای جیاواز لەخۆدەگرێت، کە بریتین لە واتاکانی (بەهۆی، بار و هەبوون).

**پەراوێز:**

١. ئـامرازی (تـا)، وەکـو ئـامرازی گەیەنەریـش لە ڕسـتەی ئاڵۆزیشـدا چەنـدین واتای جیاوازی هەیە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە (شوانی، ٢٠٠١: ١٥٥_ ١٥٧)

٢. ئامرازی بەندی (تا) لە مەهـدی نـامەی (ابـن الحـاج، ١٩٧٥)، کە مێژووەکەی بـۆ سـاڵی ١١٧٦ کـۆچی/١٧٦٢زاینـی دەگەڕێـتەوە و تـاوەکو ئێسـتا وەکـو کۆنترین دەقی ئەدەبی کە بە زاری ناوەڕاست نووسـرابێت هەژماردەکرێت، بە شێوە جیاوازەکانی وەکو (تا، حەتا، هەرتا) بەکارهاتووە، کە سەرجەمیان چەمکی کۆتایی (کات/شوێن)یان لەخۆگرتووە.

٣. ئامرازی بەندی (لەگەڵ) لە سەرچاوەی (ابن الحاج، ١٩٧٥)، چەندین جار بە هەردوو شـــــێوەی (لەگەڵ، دەگەڵ) بەکارهـــــاتووە، کە چەمکـــــی (بەیەکەوەبوون)یان لەخۆگرتووە.

**سەرچاوەکان:**

**یەکەم: بە زمانی کوردی**

**ا/ کتێب**


- ابن الحاج (١٩٧٥)، مەهدی نامە، لێکۆڵینەوە و پێشکەشکردنی: محەمەد علی قەرەداغی، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.
- شوانی، ڕەفیق (٢٠٠١)، چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشەنبیری، هەولێر.
- فتاح، محمد معروف (٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.


**ب/ گۆڤار**


- قادر، کاروان عومەر (٢٠١٧)، دارِشتەی چەمک لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە ١٣.
- قادر، کاروان عومەر و نالی ئەدهەم غەریب (٢٠١٩)، ڕەهەندی مێتۆنییمییانە لە ڕێزمانی کوردیدا، گۆڤاری توێژەر، بەرگی ٢، ژمارە٤.


**دووەم: بە زمانی فارسی**

**ا/ کتێب**


- اونز، وی ویان و ملانی گرین(١٣٩٨)، زبان شناسی شناختی، ترجمە: جهانشاه میرزابگی، انتشارات اگاه، تهران.

- تیلور، جان ار. و جانت لیتل مور(١٣٩٦)، راهنمای زبان شناسی شناختی، چاپ اول، ترجمه: وجیهه فرشی و نجمه فرشی، نشر نویسه پارسی، تهران.

- دبیر مقدم، محمد (١٣٨٣)، زبان شناسی نظری: پیدایش و تکوین دستور زایشی، تهران.

- راسخ مهند، محمد(١٣٨٩)، درآمدی بر زبان شناسی شناختی: نظریه ها و مفاهیم، تهران.

- روشن، بلقیس و لیلا اردبیلی، (١٣٩٢)، مقدمه‌ای بر معناشناسی شناختی، نشر علم، تهران.


**ب / نامەی ئەكادیمی**

- کرمی، سعیدی (١٣٩٥)، بررسی شبکه معنایی حروف اضافه‌ی(bo,bæ,læ)در زبان کردی سورانی درچهارچوب معنی شناسی شناختی، پایان نامه کارشناسی ارشد، دانشگاه پیام نور، گروه زبان شناسی خارجی رشته‌ی زبان شناسی همگانی.


**پ / گۆڤار**

- بامشادی، پارسا و شادی انصاریان(١٣٩٣). چندمعنایی حرف ((تا)) در چارچوب معناشناسی شناختی، مجموعه مقالات نخستین همایش معنی شناسی و نحو زبان های ایرانی، به کوشش مینا رضوانیان، ص٧٥_٩٢.

- بامشادی، پارسا و همکاران، (١٣٩٥)، بررسی معنایی سه حرف اضافه æra, ta, wæl در کردی گورانی از دیدگاه شناختی، دوماهنامه جستارهای زبانی، شماره پیاپی ٣٢، ص٥٩_٨٠.

- بامشـادی، پاسـا و همکـارانش(١٣٩٦)، معناکـاوی دو حـرف اضـافه læ وwæ در کردی  گوران: رویکرد شناختی،سال٨، شماره ١، ص٧٥_٩٢.

- دهقـان، مسـعود (١٣٩٧)، بررسـی معنـای حـروف اضـافه ( wæpi/ wægærd/ wæ/ læ) در کردی بر اساس رویکرد شناختی، جستارهای زبانی، شماره پیایی ٤٤، ص١_٣٣.

- راسـخ مهنـد، محمـد و نفیسـه رنجبیـر ضـرابی(١٣٩٢)، بررسـی شـبکه معنـایی حـروف اضـافه‌ی ((در)) و ((سـر))، نشـریه پـژوهش هـای زبـان شناسی تطبیقی، سال سوم، شماره٥، ٩٥-١١١

- رضـویان، حسـین و معصـومه خـانزاد(١٣٩٣)، چنـدمعنایی حـرف اضـافه ((به)) در زبـان فارسـی بـا رویکـرد معنـی شناسـی شـناختی، فصـلنامه مطالعات زبان و گویش های غرب ایران، دانشکده ادبیات و علوم انسانی دانشگاه رازی کرمانشان، سال دوم شماره ٧، ص٥٧_٧٩.

- سـبزاوی، مهدی(١٣٩٧)، بررسـی انـواع چنـدمعنایی در فارسـی معیـار بـا رویکرد شناختی، جستارهای زبانی، شماره پیایی ٤٥، صص ٢٥١_٢٧١.

- کرمی، سعیدی و فاطمه یوسفی راد(١٣٩٧)، بررسی شبکه معنـای حـرف bæ وlæ در زبانی کردی سـورانی و پیراضـافه هـا: bæ… æwæ/ da و læ…æwæ/ da در چارچوبی معناشناسی شناختی، نشـریه پـژوهش های زبان شناسی تطبیقی، شماره١٦، ص٨٣_١٠٣.

- مختاری، شهره و حدائق رضایی(١٣٩٢)، بررسی شناختی شبکه معنـایی حـرف اضـافه ((بـا)) در زبـانی فارسـی، مجلـه زبانشناسـی و گویشـهای خراسان، دانشگاه فردوسی مشهد، علمی شماره پیاپی ٩.

### سێیەم: بە زمانی ئینگلیزی

#### ا/ کتێب


- Evans, Vivian and Melanie Green, (2006), cognitive linguistics: an introduction, Edinburgh university press, Edinburgh.
- Tyler, Andrea and vyvyan Evans, (2003), the semantics of English prepositions: spatial scenes, Embodied meaning and Cognation, Cambridge university Press, Cambridge.


#### ب/ فەرهەنگ


- Matthews, P, H, (2007), Concise Dictionary Of Linguistics,($2^{nd}{}_{ed}$), Oxford University press.


### سەرچاوەی داتاکان

#### ا/ کتێب


- شوانی، ڕەفیق(٢٠٠١)، چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەی پەروەردە، هەولێر،
- کوردییێف، ک.ک. (١٩٨٤)، ڕێزمانی کوردی بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی، وەرگێڕانی کوردستان موکریانی، چاپخانەی (الادیب البغدادی، بەغداد.
- کۆڕی زانیاری(٢٠١٨)، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، چاپی یەکەم، انتشارات کردستان، سنە.

**ب / نامەی ئەکادیمی**

- عەبدولڕەحمان، عومەر ئەحمەد(٢٠٠٩)، فریزی بەند لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین.

**پ/ فەرهەنگ**

- شێخانی، عبدالوهاب (٢٠٠٩)، فەرهەنگی شێخانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانێ، دهۆک.
- گولی، مسعود خالد (٢٠٠٢) فەرهەنگی گولی، چاپا ئێکێ، چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ، هەولێر.
- نانەوازادە، علی(٢٠٠٥)، فەرهەنگی هەرمان، چاپی دووەم، بەرگی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- نیزامەدین، فازل(٢٠٠٣)، فەرهەنگی ئەستێرە گەشە، چاپی سێیەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- هەژار(١٣٩٦)، هەنبانە بۆرینە، چاپی یەکەم، چاپخانەی پویا، تهران.

**ملخص:**

هذا البحث محاولة لتحديد وعرض المعاني المختلفة والمتعددة لحرف الجر, لغرض تحديد المعنى الأصلي لحروف الجر(تا) و(لەگەڵ) و على حسب المقياس الوارد في النموذج المعاصر (principled polysemy model) والذي يعد واحدا من النماذج اللغوية والمنهجية المعاصرة والمتعارف عليها في سنة ٢٠٠٣ عند (تايلر و ايفانس) لغرض تحديد المعاني المختلفة والاولية لحروف الجر في سياق تواجدها مع الكلمات.

في بدايه البحث حاولنا التعريف بهذا والمنهج اللغوي المعاصر ضمن المفاهيم المختلفه المعروضه ضمن هذا المقياس الوارد في النموذج وتحديد المعاني الاصلية لحروف الجر والمعاني الثانوية لها.

وفي نهاية البحث توصل الباحث الى ان حرف الجر تتعدد فيها المعاني ف(تا) والذى معناها الاصلي (لنهاية الغاية الزمانية والمكانية) فان لهذه الاداة معاني مختلفة تضاف لمعناها الأولي فتوصل البحث الى أربعة من المعاني المختلفة مع بقاء المعني الأصلي لها, وكذلك الحكم على حرف الجر (لەگەڵ) والذي معناه الاصلي للمعية ويضاف اليها معان اخرى توصل اليها البحث والتي وصلت الى ثلاثة عشرة معنا, وهذا التعدد للمعاني الموجود لهذه الحروف, يتحقق بثلاثة من روابط المعاني المختلفة المنبثقة من المعنى الأصلي.

**Abstract**

This research exposes the( distinct senses) and (primary sense) of the prepositions (Ta) and (Lægæl), based on (principled polysemy model); this model is presented within the Cognitive Linguistics framework in 2003 by ( Tyler and Evans). It determines both distinct senses and primary sense of prepositions.

In the beginning, the model and the concepts related to the main point of the research are defined.

After that according to the model criteria the distinct senses and primary sense are demonstrated.

The paper concludes that the Semantic network of preposition (ta), apart from the sense that (shows the end of place /time) which is the primary sense of that preposition, has (four) distinct senses as long as (one) cluster sense among them. The Semantic network of the preposition (Lægæl) conveys the sense of (together), which is considered the primary sense of that preposition, It has also (thirteen) distinctive senses, that are linked with the primary sense through (three) cluster senses.